# کۆمەڵگەو جادووگەری... بەڕێگەی فاکس...!

حەسەن سەیدباقی

لەسەدەی ڕابووردووەوە تا هەنووکە کۆمەڵگەی بەشەری گۆڕانکاری و بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە. لەهەموو نەتەوەو کۆمەڵگایەك بەڕادەی تێکەڵ بوونی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی جیهاندا ئەو ڕۆڵە بەرەو پێش چووە. کۆمەڵگەی کوردستانیش وەك ئەستێرەیەکی دانەبڕاو لە گۆی زەوی و لەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن, تا ڕادەیەکیش لە نەتەوەو وولاتە دراوسێکان زێتر ئەم ڕۆڵ و گۆڕڕانکاریەیان بەخۆوە بینیوە، بەهۆی ئەو کرانەوەی باری ئابووریو ئازادی بازرگانییەی کە ناوچەکەی تەنییوە وهەیە لەلایەك، وە ئەو پەیوەندییە دەرەکیانەی کە کوردستان دەبەستێتەوە بە ئەورووپاوە..

هەروەك ئاشکرایە جالیەیەکی زۆری کوردان لەدەرەوە هەیە، هەموو عەقلیەتەکانیش ڕووە و هەندەران ملیان ناوە.. بەهۆی کردنەوەی دەروازەو گەڕانەوەی ئەوانەی لە ئەورووپان، بۆ پێکهێنانی باری خێزانی، زۆر لە تازە پێگەیشتوەکان ڕوو لەهەندەران دەکەن. بەڵام ئەوەی سەیرو سەمەرەیە لەم دنیای ئەنتەرنێت و گلۆبالەدا، کەسانێك هەیە هەر بەبیری کۆنی جادوگەری ژیان دەبەنە سەر . سوودیان لە لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەورووپاو هەندەران نەبینیوە بۆ کاری دروست، ڕۆڵی گۆڕانکاری نەبووە لەسەر ئەو بلیمەتانەی کە ئەمڕۆکە بە فاکس سبەی بە ئەنتەرنێت جادووگەری خۆیان دەکەن,, ئەوەی کە من بیستم جێگەی سەر سوڕمان بوو کە یەکێك..(مەلا..ع) لە قۆڵبڕە ساختەچیەکان. ئەوانەی کە دڵی ئافرەتانی( لەگەڵ ڕێزم بۆ ئافرەتان) ساویلکەن و بەئاسانی کار لەدەروونیان دەکەن و دەتوانن بیانخەنە تۆڕی جادووەکانیانەوە، بە ڕێگەی فاکس نووشتەیان نووسیوەتەوە ڕەوانەی(ش) خانیان ، لە سوید کردووە. تۆ بڵێ ئەم کارە درێوە تەنا بۆ ئەو خانمە بەسەلیقەو نازدارە بێت.. یا..!!

بەهەرحاڵ مرۆڤێك کە ساڵانێك لە دەرەوە بژێ و پەیوەندی خێزانییەکەی هێندە کرچ وکاڵ بێت. بە پینەوپەڕۆ بنێشتی نووشتە بیلکێنێ پێکەوە واچاکترە چی زووترە سەری خۆی ڕەش کات و بەرەو لایەکی تر هەڵبێت، یا بەرەو لای مامۆستاکەی بگەڕێتەوە.

ئەوەیە سەردەمی تەکنۆلۆجیا کە دونیات بۆ دەکاتە گوندێکی بچووک، جا هەرکەسەو بە بای خۆی شەن و کەو دەکات..بەو هیوای ئەو پەتایە سەرهەڵنەداتەوە. کۆمەڵگاکەشمان خاوێن بێت لەو زەهرە کوشندەیە، و لەگەڵ بەرەو پێشچوونی عەقلی بەشەریشدا سەرەو نگوون بێت. (ش) خان و مامۆستاش ڕێبازێکی تر بگرنە بەر. ئەو بۆ چێکردنی ناو ماڵ و خێزانەکەی، ئەوەکەش بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی.

ئەڵمانیا دێسەمبەری 2004